# پرسی کورد لەنێوان تێکۆشان بۆ مانەوە و هێزدا

سۆران ئازاد

هەتاوەکو ئێستا، کێشەی کوردبوون وابەستەبووە و وابەستەیە بە پرسی خاوەنداریەتی بەسەر خاکدا. ئەو خاوەنداریەتییە لە لایەک بۆ زامنکردنی مانەوەی گوتاری کوردبوون و نەتەوەییە، لە لایەکی ترەوە خۆ چەسپاندنە بە یەکێتیی شوناسی کوردبوون. خاک لە دیدی ئێمەدا شوناسێکی نەگۆڕی هەیە؛ شاخەکان هیی کوردن و هاوڕێی کوردن، دەشت و دۆڵەکان بیرەوەری باو و باپیرانمانن، وەک ئەوەی نەبینین، کە زلهێزترین وڵاتی جیهان (ئەمەریکا) لەسەر خاکی باو و باپیرانی خۆیان نەبوونەتە زلهێز. هەوڵەکان لە چوارچێوەی کوردبوون تاوەکو ئێستا بۆ مانەوە سەرکەوتوو بوون، ئەویش بە تەنیا لە دوای ڕوباری خوێن، ژەهراوییبوونی ئاسمان، زیندەبەچاڵکردن، شکۆ شکان و لەناوچوونی شکۆی سەربەستی. هەر لێرەوەیە، کە تاوەکو ئێستا ئێمە بە دەست پاڕادۆکس یان دژ-بەیەکی زۆر سەرەتاییەوە گیرمان خواردووە. هەوڵ بۆ مانەوە لێرەدا دژ بە گوتاری خۆیەتی، چونکە ئەگەر ئەو مانەوەیە بە لە دەستدانی گەورە و تراجیدی مسۆگەر دەبێت، ناوەڕۆک و گرنگیی وەها مانەوەیەک لە چی دایە؟ واتە ئێمە دەمانەوێت لەسەر خەرجی لەدەستدانی ئەوانی تر و خۆمان بمێنینەوە؟ هەمان دۆخ وا دەکات، کە لێرەدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی پاڕادایمی مانەوە لە گوتاری کوردبووندا بدەین، چونکە ئەم گوتارە جگە لە دروستبوونی هەستی قوربانیبوون و دەستەپاچەیی، وەکو نوکتەیەکی ناخۆشیش لە مێژوو و تێکۆشان لە کایەی ڕامیاریدا دەمێنێتەوە. تێکۆشان بۆ هێز، بە پێچەوانەوە، نەک هاوکێشە و دژ-بە-یەکەکانی مانەوە تێ دەپەڕێنێت، بەڵکو تەواوی نەریتی تێکۆشان و مێژوو دەخاتە بەردەم قۆناغی جیاواز و یەکلایکەرەوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە تێکۆشان بۆ هێز گشتگیرە و توانای تێپەڕاندنی ڕێگا هەرزانەکانی هەڵوێستی هەیە. مەودای ئەو تێکۆشانە بە چەسپاندنی دەستەڵات و ئامرازەکانی سەرکوتکردن سنووردار ناکرێت، چونکە توندوتیژی و سەرکوتکردن چۆن دەتوانن ببن بە ئامرازەکانی هێز، بە هەمان شێوە نا-توندوتیژی و داهێنانی ئامرازی

بونیادنەر دەتوانن نەک بە تەنیا ئامرازی هێز بن، بەڵکو لە ئاستی بەرز مانیفێستی ئەو هێزە بکەن. بۆیە هەوڵدان بۆ هێز بە تەنیا هاوتا نییە بە کوشتار و جۆرەکانی تری تاوان دژ بە مرۆڤایەتی، بەڵکو هاوتاشە بە هەموو ئەو ڕێگا و کەرەستە نا-توندوتیژانەی لە پەیڕەوکردنی هێز دەگیرێنەبەر، بۆ نموونە، ئاشتی لە خۆیدا یەکێکە لە مانیفێستە باڵاکانی هێز. لەو ڕوانگەیەوە، وەک چۆن خۆر ڕۆژانە هەڵدێت گرنگ نییە ئەو ڕۆژە جیهان بە دەستی جەنگەوە بناڵێنێت یان خاوەن ئاشتییەکی سەقامگیر بێت، بەو شێوەیە هێز هەمیشە ئامادەیی هەیە، چ لە دۆخی کوشتار و جەنگەکان بێت، چ لە دۆخی ئاشتەوایی و سەقامگیری. هەر لە بەر ئەو هۆکارەیە، کە ئێمە هەر کاتێک لە ڕێگەی تێکۆشانمان بۆ مانەوە کەمێک سەقامگیریمان دەست کەوتبێت، بارگەکانمان داناوە و دوێنێکانمان لە بیر کردووە، وەک ئەوەی باوەڕمان بەوە کردبێت، کە ڕابردوو خەوێکی ناخۆش و بێ-چەندبارەبوونەوە بێت. تێکۆشان بۆ مانەوە لە ڕێگەی هێزەوە مسۆگەر دەبێت. کاتێک مسۆگەر دەبێت، هەر بە تەنیا لە ڕێگەی هێزیشەوە بەرگری لێ دەکرێت و بەردەوام دەبێت. ئێمە پەنامان بۆ هێز تا ئەو مەودایە بووە، کە مانەوەی بۆ مسۆگەر کردووین و لەوە بە دواوە، هێزەکانمان بۆ خۆ-ڕووخاندن ئاڕاستە کردووەتەوە، چونکە لە گوتاری کوردبووندا، بەرگری لە مانەوەیەک کراوە، کە دژ بە ئازادی و بەها باڵاکانی سەربەخۆ بوونە.

بۆ ئەم مەبەستە، سەرەتا پێویستە ئاگاییمان بخەینە سەر هەندێک کایەی سەرەکی بواری ڕامیاری. لە پرسی کورد، هەوڵەکەمان بەهێزتر دەبێت، ئەگەر لە بوار و کایە جیاوازەکانی ڕامیاری دەست پێ بکەین. سەرەتا پێویستە بزانین هۆکاری ئەو دەستپێکردنەمان لە چییەوە هاتووە. (ئەفلاتوون) ئەو فەیلەسووفەیە، کە بیرکردنەوەی ڕامیاریانەی ئێمە بە فۆڕمە نموونەییەکان یان باڵاکان دەبەستێتەوە. لە دیدی ئەو، هەر فۆڕمێکی جیهانی ڕاستەقینە گوزارشتێکی بچووکە لە فۆڕمە نموونەییەکان. هەر هەوڵێک لە کایەی ڕامیاریدا بۆ گونجاندن و شیاوکردنی جیهانی ڕاستەقینەیە لەسەر وێنەی جیهانە نموونەییەکە. لێرەوەیە، کە کایەی ڕامیاری بیرۆکەیی یان ئایدیاییە. ئێمە جیهانێکمان لەبەر دەست دایە و هەوڵ دەدەین لەگەڵ جیهانی نموونەیی، کە بیرۆکەییە، بیگونجێنین. ئەوەیش وا دەخوازێت، کە لێبوردەیی و تێگەیشتنمان بۆ ئەو هێزە جیهانیانە نەبێت، کە دژ بە فۆڕمە نموونەییەکانن و گوزارشت نین لە خواست و وێنەی جیهانە بیرۆکەییەکە. بەڵام، (ئەریستۆ) لەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەڵدەگەڕێتەوە. لە جیاتی دانانی مرۆڤ بە بریکاری یەزدان لەسەر زەوی، ئەو بوونەوەرە بۆ سرووشتە ئاژەڵییەکەی خۆی دەگەڕێنێتەوە، بەڵام بە تەنیا بە یەک زیادە، ئەویش ڕامیاری. وتە بەناوبانگەکەی ئەو، کە "مرۆڤ ئاژەڵێکی ڕامیارییە"، ئاماژە بە هەمان ڕاستی دەکات. لێرەوەیە، کە بواری ڕامیاری مامەڵە لەگەڵ هەرە کێشە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ دەکات، بەبێ

بەستنەوەی ئەو ئاژەڵە ڕامیارییە بە هیچ خەسڵەتێکی یەزدانی یان بیرۆکەیی. ئەوەی گرنگە گونجاندنی جیهان نییە لەگەڵ ئەو بیرۆکانەی ئێمە بۆ جیهانێکی نموونەیی هەمانە، بەڵکو مامەڵەکردنێکی ڕاستەقینەخوازانەیە لەگەڵ ئەو جیهانەی هەیە و ڕاستەقینە و بەرجەستە. هەر دۆزینەوەیەک بۆ ئەم جیهانە و سەر بە یاسا و بنەماکانی نەبێت، هیچ ڕۆشناییەکمان بۆ تێگەیشتن بە کایەکانی مرۆڤ پێ نابەخشێت.

پێ دەچێت لە پرسی کورددا، بۆ ئەم پێشەکییە، ئێمە بتوانین سوود لەو دوو نزیکبوونەوە دژ-بەیەکە فەلسەفییە وەربگرین. سەرەتا با بپرسین ئێمە بۆ چ جیهانێک تێدەکۆشین؟ خوازیاری چ جۆرە شێوەژیان و شێوەبوونێکین؟ شەڕانگێزەکان نەبن، ئەوانەی بە گوتەی (نیتشە)، لە کاتی بەرقەراربوونی ئاشتی دەست بە شەڕکردن لەگەڵ خۆیان دەکەن[1]، لەگەڵ ئایینخوازەکان، ئەوانەی لە بەهەشتیشدا بە دوای بەهەشتدا دەگەڕێن و لە دۆزەخیشدا هێشتا هەست بە دۆزەخ ناکەن، دواجاریش لەگەڵ ئەوانەی بیریان چووە، کە ئەوەی مرۆڤ دەکات بە مرۆڤ شوناس و نەتەوە نییە، بەڵکو گەشەکردنێکی ئاژەڵایانەیە لەنێو گۆی ژیان و ئاژەڵاندا بۆ فۆرمێکی باڵاتر، هەموو مرۆڤێک خەون بە جیهانێکەوە دەبینێت، کە نموونەیی و تەواو بێت. جیهانێک، کە هەموو ئەگەرەکان لەبەردەم مرۆڤدا کراوە بن و مرۆڤەکانیش هەمیشە دراوسێی یەکتر بن بە جیا لەوەی سەر بە چ نەتەوە، کەلتوور، ئایین و هەر جۆرە جیاکارییەکی ترن. جیهانێک، کە تێیدا، بە گوتەی (جۆن لینۆن) بێت، هەموو مرۆڤەکان لە ئاشتیدا بژین و هیچ شتێک نەبێت بۆ کوشتن و بۆ مردن بۆی.[2] جیهانێک بە واتای وشە تەواو و کامڵ بێت و لە شێوەی یان بەهەشتی ئیسلامییەکان یان شانشینی خوای مەسیحییەکان، یان گەیشتن بە (ئاتمان)ی هیندۆکان بێت.

مادام هەبوونی جیهانێکی باڵاتر لەوەی، کە هەیە، نەک نییە، بەڵکو لە ئاستی بیرۆکەش زیادە و خزمەتێکی ئەوتۆی بۆ جیهانی ڕاستەقینە نییە، پێویست دەکات مامەڵەکردنمان لەگەڵ هەر پرسێکی

---

[1] وتەکە بەم شێوەیە: "لە دۆخی ئاشتیدا، کەسی شەڕانگێز لەگەڵ خۆی دەکات بە شەڕ." بڕوانە

Nietzsche, Friedrich.(1887). *Beyond Good and Evil*. Translated by R. J. Hollingdale. Penguin Books Publications, England, 2006. P. 92, aphorism 76

[2] جۆن لینۆن لە گۆرانی (بێنە پێش چاو-imagine) ئەو جیهانە نموونەییەمان بۆ وێنا دەکات. هەمان گۆرانی لە لایەن (کاروان عوسمان)ەوە گوتراوەتەوە.

جیهانی، جیهانی بێت و سەر بە خودی جیهان و کایەکانییەوە بێت. لەبەر ئەوەیش، کە لە مامەڵەکردنەکەمان لەگەڵ ئەو ئاژەڵە ڕامیارییەیە، کە مرۆڤە، پێویست دەکات هەر جۆرە خەسڵەتێکی خوڕافی، کە یەزدانیشە لێرەدا، لە مرۆڤ دابماڵین. لەو ڕوانگەیەوە، جیهان نەک کاروانسەرایەک نییە بۆ تێپەڕبوونی مرۆڤ بۆ جیهانێکی تر، بەڵکو ماڵ و نیشتیمانی هەمیشەییە. لەو ماڵەدا ئێمە لەدایک دەبین، دەژین، تێدەکۆشین، ئاسوودە و دڵتەنگ دەبین، شکست و سەر دەکەوین و هەر لەو ماڵەشدا، ئێمە دەمرین و تەواو دەبین. ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئێمەیش لێرەیە. هەموو هەوڵەکانیشمان دامەزراندنی ماڵە لە جیهاندا. ئەوانەیشی بانگەشە بۆ جیهانێکی نموونەیی تر لەو دیو مردنەوە دەکەن، هێشتا هەموو ڕێگا، تاکتیک و ستراتیگێک بۆ چەسپاندنی هێزی خۆیان لەم جیهانەدا بە کار دەهێنن، وەک ئەوەی تێگەیشتبن، کە جیهانی ئەودیوی ناو هۆش و ئافرێندراوی هۆش خۆی بەبێ چەسپاندنی هێز لە ئێرە و لە ئێستادا هیچ واتایەکی نییە، چونکە هۆشێک نەتوانێت جیهانی ئارەزووکراو لێرە فەراهەم بکات، پێ دەچێت خوداوەند بە شایستەی ئەوەی نەبینێت لەودیو مردن پێی ببەخشێت. مرۆڤێک نەتوانێت لە ئێرە و لە ئێستادا ئاڵای هێزە گەورەکانی خۆی بچەقێنێت، بڕیار نییە لە هیچ گەڕەکێکی بیرکردنەوە، نموونەیی بێت یان بەرجەست، هاوسۆزی و قەرەبوو بۆ لاوازییەکانی دابین بکات.

ئەو ڕۆشنبیرانەیشی خەون بە جیهانێکی نموونەیی لەم جیهانەی ئێستادا دەبینن و چاوەڕێ دەکەن سیحریانە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو جیهانە بێتە بوون، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەوانە نییە، بەدوای جیهانی دوای مردن وێڵ و سەرگەردانن، چونکە لە هەردوو دۆخەکەدا مرۆڤ بە دوای بیرۆکەی وەهمی دەگەڕێت، نەک ئەوەی بەرجەستە و هەمیشە ئاماژەدان بووە بە نەریتی ڕامیاری و تێکۆشان بۆ هێز. هەر لەبەر هەمان هۆکارە، کە ڕۆشنبیری کوردی، بۆ نموونە ڕەهەندییەکان، نەیانتوانی جیاوازییەکی ئەوتۆ لەگەڵ ئیسلامییەکان دروست بکەن، چونکە میکانیزمی بیرکردنەوەیان سەر بە هەمان نەریت و ڕێچکەیە.

لەم نووسینەدا، من دوو فەیلەسووفی کاریگەری کایەی بیرکردنەوە وەکو ڕێبەری دۆزینەوە و ناساندنی هەندێک لە پرس و بابەتە هەرە بنەڕەتییەکانی زانستی ڕامیاری دادەنێم. ئەو دوو فەیلەسووفە هەرچەند بە دوو ئاراستەی تەواو جیاواز و دژ بە یەک لە پرسەکان نزیک بوونەتەوە، هەوڵ دەدەم لێرەدا یەکێتییەک لەنێوان بۆچوونەکانیان لەمەڕ بابەتی کورد، شوناس و وڵاتبوون دابمەزرێنم. تا کۆتایی نووسینەکە، هەوڵەکان دەشێت وەکو پارچەی دژ بە یەک دەربکەون، بەڵام لە کۆتاییدا ڕەنگە ئەو بۆچوون و بەشە دژ-بە-یەکانە لە یەکێتییەکی بابەتی خۆیان ڕێک بخەن.

ئەوەی لێرەشدا زۆر گرنگە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ئاقارانەی بیرکردنەوەی ڕامیاریانەی ئێمەن لە وێستگە و ئاڕاستەی جیاواز و فرە لایەن. ئەو دوو فەیلەسووفە کەس نین، جگە لە فەلسەفە و بۆچوونەکانی (جۆرج ویلهێلم فریدریک هیگڵ) و (فریدریک نیتشە). ئەگەر لە زۆربەی لایەنەکان ئەو دوو فەیلەسووفە دژ بە یەکن، ئەوان لانی کەم خاڵی هاوبەشی بیرکردنەوەی ڕامیاری هەردووکیان بایەخێکی گەورە بە سیستەمی حکومڕانی دەوڵەتی-شاری گریکە کۆنەکان دەدات. هەر لەبەر ئەو مەبەستەشە، کە ئەگەر ئێمەیش لەوێوە دەست پێ نەکەین، پێ ناچێت هەڵبژاردەکامان ژیرانە بێت. هەر دیاردە و ڕێبازێکی تری هزری، کە دەخرێتە ڕوو، بە دەوری بیرکردنەوە و نزیکبوونەوەکانی ئەو دوو فەیلەسووفە لەم بابەتەدا دەسووڕێتەوە. جیهانە ئایدیالیستەکەی (هیگڵ) پێشڕەوێکی ژیرە لە دۆزینەوەی داینامیکەکانی واقیع یان ڕاستەقینە لە ڕێگەی ئەو بیرانەی توانای هەڵدانەوەی دەمامکەکانی کایە جیاوازەکانیان هەیە، بەبێ ئەوەی ئەو هێزی تێگەیشتنەی ئێمە توانای گۆڕینی ڕاستەقینە و ڕەوتی مێژووی هەبێت. جیهانی بیرکردنەوەی (نیتشە)، بە پێچەوانەوە، نەک بە تەنیا دەستکاری ڕاستەقینە دەکات، بەڵکو ڕووبەڕووی دەبێتەوە و هەوڵی یان تێکشکاندن یان گواستنەوەی دەدات. هەر لەبەر ئەوەیە، کە ئێمە بۆ تێگەیشتن لە ڕاستەقینە و کایە ڕامیارییە جیهانییەکان پێویستیان بە (هیگڵ)ە، بەڵام بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەگژداچوونەوە پێویست دەکات لە وێستگەکانی بیرکردنەوەی (نیتشە) هێز وەربگرین. وەکو تر، سوود لە بۆچوونەکانی (تۆماس هۆبس)، (میشڵ فوکۆ) و (جۆن مارگنسۆ) وەرگیراوە.

پۆلیس (*Polis*)

سیستەمی دەوڵەتی-شاری یۆنانی کۆن ئەو سیستەمەیە زۆربەی فەیلەسووفان سەرسامی خۆیان لە ئاستیدا دەربڕیوە. لەو دەوڵەتەدا، هەموو کەس مافی هاووڵاتیبوونی نەبوو، تەنانەت کۆیلەش بوونی هەبوو، بەڵام ئەگەرە گەورەکان لەبەردەم هاونیشتیمانیان کراوە بووە. دووبارە پێویستە لەو ڕوانگەیەوە بۆ (ئەفلاتوون) بگەڕێینەوە، لە کاتێکدا ئەو فەیلەسووفە، کە لەو دەوڵەتی-شاری ئەسینادا ژیاوە و نەک بە تەنیا ئەزموونی ئەو ژیانەیان کردووە، بەڵکو بەر لە هەمووان مەترسییەکانی سەر ئایندەی ئەو جۆرە سیستەمەی بینیووە. بە زمانی (هیگڵ) بێت، ئەو هەستی بە

نزیکبوونەوەی هەڕەشە و کارەساتە گەورەکان لەسەر ئەو سیستەمە کرد، لە کاتێکدا، کە هاونیشتیمانیان لە گەرمی چێژوەرگرتن بوون لە ژیانی خۆیان. هەر هەمان هۆکار وا لە (هیگڵ) دەکات، کە سەرهەڵدانی فەلسەفەی سیستەمی، کە بۆ ئەو فەیلەسووفە دەگەڕێتەوە، بە ئاماژەیەکی باش نەبینێت، چونکە ئەو سەرهەڵدانە زەنگی ئاگادارکردنەوەی نزیکبوونی کارەساتە گەورەکانە. بەڵام، ئاڕاستەمان لێ ون دەبێت، ئەگەر بۆچوونەکانی (هیگڵ) بۆ کەمێک دواتر دوا نەخەین، پێش ئەوەی زەمینەمان بۆ ناساندن و تیشک خستنەسەری ژیانی دەوڵەتی-شاری ئەسینا و سەرهەڵدانی فەلسەفە دروست نەکردبێت.

پێویست دەکات بزانین بوار و چالاکییە ڕامیارییەکان واتە چی و بۆچی مرۆڤ لە جیاتی ئەوەی ئاژەڵێکی یەزدانی بێت، ئاژەڵێکی سیاسییە. وشەی ڕامیاری (*Politics*) لە زمانی ئینگلیزی، لە لاتینی (*polītīcus*) و بەشی زۆری زمانەکانی خۆرئاوا لە وشەی (پۆلیس – *Polis*)ی گریکییەوە وەرگیرراوە. پۆلیس لە زمانی گریکیدا بە واتای شار دێت، بەڵام شارێک، کە خاوەن سیستەمی بەڕێوەبردنە لە هەموو کایە جیاوازەکاندا. بە واتایەکی تر، شارێک، کە لە خۆیدا دەوڵەتە. بۆیە، وشەی ڕامیاری لەڕووی مێژووییەوە هاوتایە لەگەڵ دەستەواژەی دەوڵەتی- شاری (City-State)، کە مۆدێلێکی ڕامیاری گریکییەکان بووە.[3] هەر لەو دەوڵەتە شارییە دایە، کە چەمکی بەڕێوەبردن و باسەکانی سیستەمی قەڵەمڕەویی و کاروباری شار لە هەرە کرۆک و ناوەڕۆکەکانی کایەی ڕامیارین.

(ئەفلاتوون) لە فەلسەفەی ڕامیارییەکەیدا هەوڵ دەدات تەواوی ئەو دەوڵەتە شارییە دابڕێژێتەوە. بە واتایەکی تر، ئەو جۆرە (پۆلیس)ەی بەو شێوەیەی، کە هەیە، جێگەی ڕەزامەندی ئەو نییە. هەر بۆیە، لە دایەلۆگی (کۆمار)دا، (ئەفلاتوون) سەرنجمان بۆ ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتی نموونەیی (کالیپۆس- *Kallipolis*) ڕادەکێشێت، جۆرە دەوڵەتێک، یان شارێک، کە هەموو ئەگەرەکان لەبەردەم هاووڵاتیدا کراوەن. کالیپۆس شارێک نییە، کە هەمووان تێیدا خۆشبەخت و پلەدار بن، بەڵکو شارێکە، کە هەمووان ڕۆڵ و پێگەی خۆیان دەگرن و خاوەن ژیانێکی باشن. هەر بۆیە بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک یان وڵاتێک، کە تێیدا ئەگەرە گەورەکان لەبەردەم هاووڵاتیاندا کراوەن، لە ڕووی مێژووی هزری ڕامیارییەوە، بۆ کالیپۆلیسی (ئەفلاتوون) دەگەڕێتەوە. پرسی

---

[3] Heywood, A. (2013). *Politics* (4.th ed., Palgrave foundations). Basingstoke: Palgrave Macmillan.p. 3-4

ئەوەی ئێمە دەبێت خاوەن چ پێگە و دامەزراوەی ڕامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی بین، لە پرسە سەرەکییەکانی کایە و چالاکیی بیرکردنەوە و داهێنانی مرۆڤن. ئەو پرسە لە دایەلۆگی دووەمی (کۆمار) دەست پێ دەکات، کە تێیدا (سۆکرات) پرسی دامەزراندنی شار و خەسڵەتەکانی لەگەڵ ئەرک و کاروباری هاووڵاتیان دەوروژێنێت.

لە دیدی دایەلۆگی (کۆمار)ی (ئەفلاتوون)دا، فەیلەسووف یان بیریارەکان پێویستە کالیپۆس بەڕێوە ببەن. گرنگترین خەسڵەت ئەوەیە، کە فەیلەسووفەکان پادشا و کاربەڕێکەری وڵات بن، ئەویش بە هۆی ئەوەی، کە کەسی فەیلەسووف خاوەن زانینە لەبارەی کایە جیاوازەکانی بەڕێوەبردن و حەز و خورسکە کەسییەکانی بۆ بەرژەوەندی گشتی تێپەڕاندووە.[4] جگە لە باسی فەیلەسووف و فەرمانڕەوا، ڕۆڵ و پێگەی هاووڵاتیان بەپێی ئەو بەهرە و توانستانەی هەیانە، دیاری کراوە. ئەو جۆرە دیاریکردنە لە لایەکەوە بۆ فەراهەمکردنی ئەگەری دامەزراندنی کالیپۆسە، لە لایەکی ترەوە ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ هەموو هاووڵاتیان بۆ ئەوەی خاوەن پێزانین و پێگەی خۆیان بن. ئەو جۆرە ئامانجانەیش تەنیا کاتێک بواری ڕەخسانیان هەیە، کە دادپەروەری هەبێت. بوونی دادپەروەری پێشمەرجە بۆ بوونی ژیانێکی باش، کە ئامانجی دروستبوون و بەردەوامبوونی خودی وڵات خۆیەتی. شار یان دەوڵەتی نموونەیی یەکینەیەک نییە، کە تێیدا هیچ ئامادەکارییەک بۆ جەنگ نییە، بەڵکو یەکینەیەکە، کە خاوەن هەموو خەسڵەتەکانی مانەوەیەوە، بە لەشکر و چەکی پێشکەوتووشەوە. هەرچەند باسی خراپی و خۆ دوورخستنەوە لە جەنگ تێمایەکی تری دایەلۆگەکانە، بەڵام پاراستنی وڵات بە بەهێزی بەبێ لەشکر و بەرگریکردن ئەگەرێکی لاوازە لە گۆیەکدا کە هەمووان بۆ هێز و دەستەڵات تێدەکۆشن.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگی ڕۆڵی ڕۆشنبیر، کە لێرەدا نووسەران، شاعیر و هونەرمەندانیش دەگرێتەوە، بدەم. هەر لەو ڕوانگەیەوە، بەکارهێنانی دەستەواژەی شاعیر بە تەنیا بۆ هۆنەر نییە، بەڵکو بۆ تەواوی ئەوانەن، کە بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیان لە زمان، داڕشتن و داهێنانی چالاکییەکانی هەیە. ئاشکرایە، کە (ئەفلاتوون) شاعیران وڵات-بەدەر دەکات. بابەتەکە هەر بە تەنیا پێوەندیی بەوەوە نییە، کە شاعیران پەنا بۆ هەست و سۆز دەبەن، بەڵکو کاریگەریی

[4]خوێنەر دەتوانێت بۆ وەرگێڕانی (کۆمار)ی (ئەفلاتوون)، کە لە لایەن د. محەمەد کەمال-ەوە کراوە، بگەڕێتەوە. بڕوانە: ئەفلاتوون. "کۆمار". وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال. چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.ساڵی 2008.
هەروەها لە پەرتووکی (فەلسەفەی ئەفلاتوون)، د. محەمەد کەمال بەشێکی تایبەتی بۆ فەلسەفەی ڕامیاری (ئەفلاتوون) دابین کردووە، کە خوێنەر دەتوانێت بۆ ئەو مەبەستە سوودی لێ ببینێت و من بە پێویستی نازانم لێرەدا خاڵەکان بخەمەوە ڕوو. بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکان خوێنەر دەتوانێت سوود لە سایتی (بوونگەرایی) وەربگرێت. بڕوانە http://www.bungeraiy.net/p/k.php

ڕاستەوخۆیان لەسەر هۆش و هۆشیاری خەڵک هەیە. کاتێک شاعیرێک بە وێنەیەکی ترسناک هاووڵاتیان لە مردن و چارەنووسی دوای مردن بترسێنێت، ئەوا ئەو ترسە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر بەشداری تاک لە شێوەگرتن و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیدا هەیە. ئەگەر جەنگاوەرێک لە بەرەکانی جەنگ ترسی دوای مردن هێرشی بۆ بێنێت، ئەوا بەر لەوەی هێزی دوژمن تێکی بشکێنێت، خۆی لەناو خۆیدا تێک شکاوە، کە ئەمەیش ڕێگە بۆ شکست و دەستبەرداربوونی لە ڕۆڵگێڕانی خۆی خۆش دەکات. بە واتایەکی تر، ئەو جۆرە هۆشیاریەی لەناو زمان و تێگەیشتنی جەماوەریدا باو و کاریگەرە، بڕیار لەسەر چالاکییە ڕامیار و حوکمڕانییەکانیان دەدات.

ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردی هەم ڕۆشنبیرە ڕووکەشەکان، هەمیش بانگخوازە ئایینییەکان ڕۆڵی ئەو جۆرە شاعیرە دەگێڕن، کە (ئەفلاتوون) لە کۆمارەکەی خۆیدا دەربەدەری کردن. بۆیە دیاردەیەکی سەیر نییە، کە پارتە ئیسلامییەکان بەشداریان لە شەڕی دژ بە داعش نەبوو، چ بە ترسی ئەوەی، کە نەیانویست موسڵمان بە دەستی خۆیان بکوژن، چ بە هۆی نزیکبوونی گوتاری داعش لە خۆیانەوە. دوو ڕوویەکە لێرەوەیە، کە شەڕکردن و کوشتنی ئەندامانی موسڵمانی یەکێتی و پارتی کوشتنی موسڵمانان نەبێت، بەڵام هیی داعش تاوان بێت، چونکە تێکۆشانەکەیان لەژێر ناوی خوایە. یان ئەو هاوسۆزی و دڵسۆزییەی گرووپە (ئیخوان موسلمین)ەکانی کوردستان، لەوانە یەکگرتوو، بۆ (ئەردۆگان) و ئایدۆلۆگییەکەی هەیانە، کە بە ئاشکرا سەنتەر و دەزگا پەروەردەییەکانیان لە کوردستان پێگەی بەهێزیان داگیر کردووە.

**دیدی (هیگڵ)**

**هۆشی سەربەست بەنێو جیهاندا**

ئاماژەمان بەوە دا، کە (هیگڵ، 1770-1831) هەڵهاتنی خۆری فەلسەفە بە هاوتا و هاوکات دادەنێت لەگەڵ هەڵهاتنی ئاماژەکانی کارەسات. بە دیدی ئەو، فەلسەفە هەمیشە لە هاتنی کارەساتێک ئاگادارمان دەکاتەوە، بەڵام ئەو ئاگادارکردنەوەیە لە خۆیدا ناتوانێت کارەساتەکە دوور

بخاتەوە یان ڕێگەی لێ بگرێت، بەڵکو بە تەنیا دەتوانێت لە سرووشتەکەی تێ بگات، کە ئەو تێگەیشتنە لە خۆیدا زانینە، وەک خۆی دەنووسێت:

"فەلسەفە زۆر درەنگ دەگات بۆ ئەوەی جیهان فێر بکات، کە پێویستە چۆن بێت. کاتێک فەلسەفە بۆیەی ڕەساسی لەسەر ڕەساسی دەکات ئەوا فۆرمێکی ژیان وا بەسەر دەچێت. ئەو ڕەنگکردنە ڕەساسییە لەسەر ڕەساسییەی فەلسەفە ناتوانێت ژیان [بەو فۆرمە بەسەرچووە] ببەخشێتەوە، بەڵام تەنیا دەتوانێت لێی تێبگات. کونەپەپۆی مینێرڤا تەنیا لە کاتی تاریک داهاتن باڵەکانی بڵاو دەکاتەوە."[5]

سەرەتا پێویست دەکات بە کورتی دیدی (هیگڵ) بۆ هۆش و ئاگامەندی مرۆڤ بخرێتە ڕوو، کە ئەو خستنەڕووە لە پەرتووکی (فینۆمینۆلۆجیی هۆش)ەوە دەست پێ دەکات. فەلسەفە فەلسەفەی هۆشە. بە واتایەکی تر، فەلسەفە زانستی تێگەیشتنە لە هۆش، چونکە دیدگای ئێمە بۆ ڕاستەقینە و ژیان لە توانستی هۆشەکی ئێمەوە لە دارِشتن و نزیکبوونەوەی ڕاستەقینە و جیهان دەست پێ دەکات. هۆش دەیەوێت لەو جیهانە و پارچە لەیەکتر دابڕاو یان جیاوازەکانی تێ بگات، کە خۆی تێیدا دەژییێت. جیهان وەک ئەوەی کە بۆ هۆش دەردەکەوێت، کۆمەڵێک پارچەی لێک دابڕاو و دژ بە یەکن. ئەو دژانە دەبن بە بابەتی هۆش بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لێیان تێ بگات و لە یەکێتییەکی تۆکمە کۆیان بکاتەوە. ئەو چالاکییەی هۆش پێوەندیی بە هیچ تەمەن و سەردەمێکەوە نییە، چونکە هەر لەو کاتەی هۆش چالاکە، هەوڵ دەدات لە جیهان تێ بگات و بە وێنەیەکی تەواوی هۆشەکی بگات. ئەوەیش وا دەکات پێگەی (هیگڵ) لە فەلسەفەدا دژ بەوانە بێت، کە زانین بە پرۆسێسێکی هێواش و لەسەرخۆی هۆش دادەنێن. واتە، هۆش هەوڵ دەدات بە گوێرەی کات و توانستەکانی هێواش و لەسەرخۆیانە، دوای هەوڵدان و تێکۆشان، وێنەیەکی تەواو بۆ جیهان دروست بکات و جیهان لە خۆیدا بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بێ دژ یەک ببینێت. لای (هیگڵ) تەنانەت منداڵێکیش، بە پێی تێگەیشتن و دیدگای خۆی بۆ ڕاستەقینە و جیهان، خاوەن وێنەی خۆیەتی بۆ جیهان و ڕاستەقینە. ئەو توانستەی هۆش پێوەندیی بە هیچ سەردەم و کاتێکەوە نییە، واتە پێمان وابێت مرۆڤی ئێستا خاوەن وێنەیەکی تەواوترە و پێشکەوتووترە بۆ جیهان تا مرۆڤی سەردەمی چاخی

[5] Hegel, G.W.F. (1820). *The Philosophy of Right*. Translated by S.W Dyde (2001). Batoche Books Limited. P. 20. https://socialsciences.mcmaster.ca/econ/ugcm/3ll3/hegel/right.pdf

بەردین.[6] هەموو کەسێک بە گوێرەی تێگەیشتن و ئەو وێنەیەی بۆ جیهانی هەیە، لە ژیان و جیهان دەڕوانێت. هەر بۆیە ویستی داڕشتنەوەی ڕاستەقینە و جیهان وەکو یەکێتییەکی تۆکمە و ڕێکخرا بەردەوام یەکێکە لە خەسڵەتە زگماکییەکانی هۆش و بەردەوام دوای ئەو خەسڵەتە دەکەوێت. ڕەنگە ئەم دەربڕینەی (هیگڵ) ئاماژەیەکی باش بێت بۆ ئەو خەسڵەتە،

"هۆش، وەکو گەڕۆکێکی نێو بیابانە، کە بە دوای قومێک ئاودا وێڵە، هەژارانە خۆی دەردەخات."[7]

ئەو وێڵبوونە لە لایەکەوە، وەک (هیگڵ) ئاماژەی پێ دەدات، وا دەکات کوێرانە دوای باوەڕەکان بکەوێت، لە لایەکی ترەوە دەری دەخات، کە هۆش بەردەوام لە گەڕانە و بەردەوام دەیەوێت بەو وێنە تەواوە بگات بۆ جیهان و ڕاستەقینە. بەڵام، ئەوە بە واتای ئەوە نایەت، کە هۆش هەبوویەکی جێگیرە، بەو واتایەی، کە لە خۆیدا ناگۆڕێت. هۆش دەگۆڕێت، بەڵام گۆڕانەکەی هێواشە. چۆن دارستانێک بە گوێرەی تێپەڕبوونی کات بونیاد و دیمەنەکەی دەگۆڕێت، بە هەمان شێوە هیی هۆشیش، بەڵام ئەو گۆڕانە لە شێوەی شۆکێک نییە. واتە نەکردەیە دارستانێک هەر لە خۆیەوە ببێت بە بیابان، بە هەمان شێوە، نەکردەیە هۆشێک هەر لەناکاو تەواوی بونیادی خۆی بگۆڕێت. ئەو جۆرە نەگۆڕانە نەک بە تەنیا پێوەندیی بە پێکهاتەکانی هۆشەوە هەیە، بەڵکو بە جیهانی دەرەوەش. نەکردەیە ئێمە، بە گوێرەی بۆچوونەکەی (هیگڵ) بێت، بەیانییەک لە خەو هەستین و تەواوی جیهان گۆڕابێت، بۆ نموونە لەڕووی کێشە ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە. ئەوە بەو واتایە نایەت، کە گۆڕانەکان لەناکاو نین، بەڵکو هەر گۆڕانێک، هەر جۆرە گواستنەوەیەکی ژیان لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر خاوەن پێشینەیە، چ شاراوە بێت، چ دیار. بۆ نموونە، یەکێک لەو دیاردانەی ئێستا هەڕەشە لە جیهان دەکات گۆڕانی کەشوهەوایە، ئەویش بە هۆی ئەو چالاکییە زەبەلاحانەی مرۆڤ، بە تایبەت وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان. ئەو گۆڕانە هێواشە، بەڵام کاتێک بە تەواوی بە سوڕی خۆی دەگات، وەک ئەوەی زانایان پێشبینی دەکەن، کارەساتی هەژێنەر و نێووڵاتی لێ دەکەوێتەوە، کە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ دەبن لەسەر ژیان. کارەساتەکانی

[6] McClelland. (1996). *Hegel and the Hegelian Context*. Ch 22

[7] هیگڵ، جۆرج ویلهێلم فریدریک. (فینۆمینۆلۆجیی هۆش). وەرگێڕانی د. محەمەد کەمال. لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم. چاپی یەکەم، ساڵی 2016. ل. 55

گۆڕانی کەشەوهەوا دەشێت لەناکاو ڕوو بدەن، بەڵام ئەوە واتای وانییە هۆکردی لەپێشتری نەبووە. هۆکردەکان دەشێت ئێمە نەیانبینین، بەڵام واتای وانییە، کە نین. بە هەمان شێوە، لە دیدی (هیگڵ) هەر گۆڕانێکی لەناکاو، کە مێژوو لە ئاستێکەوە بۆ ئاست و قۆناغی تر دەگوازێتەوە، خاوەن پێشینەیە.

لێرەوەوە، کە فەلسەفە ناتوانێت کارەساتەکان بوەستێنێت، چونکە فەلسەفە خۆی کاتێک لە دایک دەبێت، کە ئاماژەکانی کارەسات سەریان هەڵدابێت. فەلسەفە تەنیا ئێمە لە کارەساتەکە ئاگادار دەکاتەوە. کونەپەپۆی مینێرڤا یان ژیری ناتوانێت ڕێگە لە ئاوابوونی خۆر بگرێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو هۆکردی ئاوابوونی خۆر نییە، بەڵکو تەنیا دەتوانێت باڵەکانی پێش تەواو تاریک داهاتن بڵاو بکاتەوە و بە ئاسماندا بفڕێت. ئەو باڵ کردنەوەیەوە ئاماژەیە بە هاتنی تاریکییەکی سەرتاپاگیر.

هەر لێرەوەیە، کە (هیگڵ) سەرهەڵدانی فەلسەفە بە موژدەیەکی شادیهێن دانانێت. هۆکاری ئەوەی، کە فەلسەفە لە سەردەمی کۆندا سەری هەڵنەداوە، نەبوونی ئاماژەکانی کارەسات بووە، ئەویش بە هۆی ئەوەی کۆنەکان خاوەن ژیانێکی پڕ ڕەزامەندی بوون. گریکی یان یۆنانییە کۆنەکان خاوەن ئەو ژیان و دیدگایە بوون بۆ ژیان. ئەوان بەبێ ترس دەژیان و هەستیان بە ماڵ لە وڵاتەکەی خۆیاندا دەکرد.[8] هەستکردن بە ماڵ لەناو وڵاتدا یەکێکە لەو نیشانانەی، کە ئاگامەندی یان هۆشیاریی مرۆڤ بە جیهانی دەرەوەی خۆی ڕازییە. بە واتایەکی تر، هۆشی وێڵ بەدوای ئاودا لە بیاباندا گەیشتووە بە کانییەکی سازگار و پاک لەژێر سێبەری دارێکی فێنک، هەرچەند بیەوێت ئاو دەخواتەوە، دەخەوێت و چالاک دەبێت، چونکە هەتا ئەو کاتەی لەو بیابانەدا ئەگەری دۆزینەوەی کانی و سێبەری فێنک هەبێت، هۆش ئازادانە و بەبێ ترس لە گەشتی خۆی بەردەوام دەبێت. لەو بیابانەدا دەشێت ڕووبەڕووی چەتە و جەردە ببێتەوە، بەڵام وەکو سرووشتی خۆی جەنگاوەرانە دەجەنگێت و بەردەوام دەبێت. گریکییە کۆنەکان خاوەن هەمان ژیان بوون؛ هۆشی ئەوان بە جیهان و وڵاتەی خۆیان ڕازی بوو. ئەگەر پێویست بە جەنگان بووایە، جەنگاوەرەکان ئازایانە دەجەنگان و

---

[8] Hegel, G.W.F. (1820). The Philosophy of History. Translated by J. Sibree, M.A (2001). Batoche Books Limited. P. 243-44. https://socialsciences.mcmaster.ca/econ/ugcm/3ll3/hegel/history.pdf

لەکاتی گیان-فیدابوونیان دەیانزانی ناوەکانیان دەبن بە ئەستێرەی نەمر لە مێژووی وڵاتە شارییەکەیان، یان (پۆلیس)دا. هەر لەبەر ئەو تەواوەتییەی وڵاتەکەیە، کە تاک پێویستی بەوە نابێت خۆ-ئاگامەندانە بیر لە خۆی بکاتەوە، چونکە ئەو بەشێکە لە یەکێتییەکی باڵاتر و گشتگیرتر، کە هەموو ئەگەرەکان بۆ هەمووان کراوەن و هاوبەش و هاوتان لەو یەکێتییەدا. (پۆلیسی ئەسینا) بە ڕۆژە تاریکەکانی خۆی گەیشت، ئەویش لە ڕێگەی داگیرکارییەکەی (ئەلیکساندەر)، ئەو جۆرە کارەساتەی فەلسەفە بەر لە ڕوودانی هەستی بە ئاماژەکانی کرد. بۆیە لە دیدی (هیگڵ) خەسڵەتی ئاگادارکردنەوە بەشێکی دانەبڕاوە لە فەلسەفە؛ ئەگەرچی ناتوانێت هیچ بکات، بەڵام دەتوانێت لێی تێ بگات، هەم لەو پێشینانەی ڕێگەی بۆ کارەسات خۆش کرد، هەم بۆ ڕۆژبوونەوەی دوای تاریکیی شەوی کارەسات.

ئاماژەمان بەوە دا، کە کارەسات ڕێگەی لێ ناگیرێت. لێرەدا کارەسات هەر ئاماژە نییە بە کۆمەڵێک ڕووداوی دڵتەزێن و خوێناوی، بەڵکو ئاماژەیە بە گۆڕان و گواستنەوەی تەواوی کایەکان لە ئاست و دۆخی دیاریکراو بۆ ئاست و دۆخی تری نەزاندراو. بەڵام ئەوەی دەتوانێت بەرگەی کارەسات بگرێت ئەوەیە، کە (هیگڵ) پێی دەڵێت (ڕاستی یان ڕاستەقینە-Real). ڕەنگە لێرەوە هەڵە نەبێت، کە ئەگەر پێمان وابێت هەمان ئەو ڕەهەندە وای کردووە کورد لەناو کارەسات و گۆڕانە مێژووییەکاندا بمێنێتەوە، چونکە خاوەن خەسڵەتی ڕاستەقینە یان ڕەسەنی خۆیەتی، کە گوتارەکەی ڕەگوڕیشەی دێرینی هەیە. هەر لە دیدی (هیگڵ)، ئەو گۆڕان و گواستنەوانە ناتواندرێت بوەستێندرێن، چونکە ڕەوتی مێژوو پێویستییەکە لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی. ئازادی واتە سەربەستبوون لە هەر جۆرە وابەستەبوونێک بە بابەتەکانی دەرەوە جگە لە خۆ. هەموو هەوڵەکانیش بۆ ئازادی، لەوانە مافی چارەی خۆ-نووسین (Self-Determination) لە هەوڵی (خۆ)ەوە دێت بۆ ئازادبوون، چونکە (خۆ-Self)، نایەوێت ئازادییەکەی لەبەر وابەستەبوون بە بابەتە دەرەکییەکان لە دەست بدات یان سنووردار بێت. سەربەخۆیی (autonomy)، لە دیدی (هیگڵ)، واتە ملکەچنەبوون بۆ هیچ یاساییەک جگە لە یاساکانی (خۆ) نەبێت. لەو ڕوانگەیەوە، هەر (خۆ)یەک، چ خۆی تاک بێت یان کۆمەڵ، بۆ نموونە، کاتێک ئێمە دەڵێین مافی چارەی خۆ-نووسینی کورد، ئەوا لێرەدا ئەو خۆ-یە خۆی تاک و تەنیای من نییە، بەڵکو هیی کۆمەڵێکە، کە وەکو من لەو یەکێتییە خۆ-ییە یەکی گرتووە، ئەگەر ملکەچی یاساکانی خۆی نەبێت، ئەوا خۆ-یەکی سەربەست نییە و ئازادییەکەی داگیر کراوە. هەتا ئەو کاتەی هەر خۆ-یەک بوونی لەسەر بوونی یەکێتییەک لە دەرەوەی یاساکانی خۆ وەستابێت، ئەوا ئەو خۆ-یە ئازاد نییە. یاساکان کۆمەڵێک بڕگەی یاسایی

نین، که له دەستوورێک دادەڕێژرێن، بەڵکو یاسای هۆشی ئەو خۆ-یەیە. له پێوەندیی به گوتاری کوردبووندا، ئازادیی خۆ-ی کۆمەڵ لەسەر خۆی نەوەستاوە، بەڵکو خراوەته ناو یەکێتییەکی ملکەچ لەسەر یاسا و هۆشی ئەوانی تر. لێرەدا یاسا هەموو ئەو بوارە جیاوازانە، لەوانە نەریت، شوناس، زمان و مافی بوون، دەگرێتەوە.

ئێمە ئەگەر له پرسی کورد بڕوانین له دیدگای هۆش و یاسای کوردبوونەوە، ئەوا بیرکردنەوە له کۆمەڵێک تاوان، که بەرانبەر به کورد کراوە، نەکردە دەبوو، ئەگەر دەستەڵاتی جێبەجێکەر نوێنەری هۆشی ئەو کۆمەڵەیە بووایە، که خۆی له چوارچێوەی کوردبوون پێناسە دەکات. بۆ نموونە، ئێمە دەتوانین چاوەڕوانی له دەستەڵاتی کوردی بکەین، که ڕۆژنامەنووس بکوژێت، شەڕی ناوەخۆ هەڵبگیرسێنێتەوە و زۆر دیاردەی تر، چونکه ئەو جۆرە دیاردانه بەردەوام بەشێکن له خەسڵەتی دەستەڵاتی چەوسێنەر، بەڵام بیرکردنەوە لەوەی دەستەڵاتی کوردی خەڵک ئەنفال و کیمیاباران بکات هەر به تەنیا لەبەر ئەوەی، که کوردن، نەکردەیە. هۆکارەکه، هەر به گوێرەی هەمان دیدی (هیگڵ) بێت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، که هێشتا دەستەڵاتی کوردی سەر به هۆش و خۆ-ی کۆمەڵی کوردییە و لەو هۆشەشدا، یاسای لەناوبردنی به کۆمەڵی تاکەکانی خۆی بوونی نییە لەبەر هۆکاری ڕەگەزی، نەک هەر به تەنیا له ڕووی نووسینەوە، بەڵکو له ڕووی کەلتووری بیرکردنەوە و هۆشیاریی ئەو گرووپە. مادام ئەو دەستەڵاتە له خۆی کۆمەڵی کوردییەوە هاتووە، ئەوا بوونی وابەستەیە به بوونی کۆمەڵی کوردی. هەتا ئەو کاتەیشی کۆمەڵی کوردی خاوەن یاسای دژ به بوونی خۆی نەبێت، لەژێر هەڕەشەی خۆ-لەناوبردن نابێت. کیمیاباران و ئەنفالکردن له فەرهەنگی ڕامیاریی کوردبووندا بوونی نییە. ئێمە ئەگەر سەیری فرە ئایینی کوردیش بکەین، ڕووبەڕووی هەمان هاوکێشە دەبینەوە. گوتاری کوردبوون له دەرەوەی ئایینە، واته گرنگ نییه تاکەکان چ ئایینێکیان هەیە، مادام کوردن، لەناو ئەو یەکێتییە کوردییەن، که باکی به ئایین نییە. دەشێت و بووە، که کوردی موسڵمان سوکایەتی و کوشتار بەرامبەر به کوردی یەزیدی بکات، یان به پێچەوانەوە، بەڵام ئەوە به تەنیا به هۆکاری ئەوەیە، که شوناسی دووەم، لێرەدا شوناسی موسڵمانبوون و یەزیدیبوون دەکەونە کێشەوە، نەک شوناسی کوردبوون. هەر لەبەر هەمان هۆکارە، که له کەیسی کوردا، ئایین، به هەموو جۆرەکانییەوە، ڕەهەندێکی ڕووخێنەری بەرانبەر به گوتاری کوردبوون له خۆ گرتووە، چونکه له لایەکەوە جیاکاری و پەرتەوازەیی له گوتاری کوردبووندا دروست دەکات، له لایەکی ترەوە ئاگایی کۆمەڵ له تێکۆشان بۆ گوتاری خۆ-ی باڵاتر

دەگوازێتەوە بۆ ئاگایی-خستنەسەر ئەو کێشە لاوەکییانەی، کە ئەگەر بە هۆشیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت، دەبێت بە کەرەستەیەکی باش بۆ خۆ-لەناوبردن و خۆ-ڕووخاندنێکی کۆمیدی.

هەر لەو ڕوانگەیەوە، هەر ئایدۆلۆگیایەک، کە ڕووبەڕووی ڕاستەقینە و تێکۆشان بۆ ئازادی نەبێتەوە، لە دیدی (هیگڵ)، هەوڵێکی شکستخواردووە لەناو دەورانە دوور و درێژەکانی مێژوو. دەشێت لە کاتی سەرهەڵداندا وەک لافاوێک خەسارەتێکی گەورە لە ژیان بدات، بەڵام ناتوانێت ژیان بنبڕ بکات. بۆ نموونە، ئایین، ستۆتیسیزم و ڕادیکالیزمی فڕەنسی بە بۆچوونی ئەو لەبەر ئەوە ستراتیجی شکستخواردون، چونکە لە جیهان ڕا دەکەن، لە جیاتی ئەوەی ڕووبەڕووی جیهان ببنەوە.[9] لە هاوکێشەی کوردبووندا، هەموو ئایینەکان ئەو ڕۆڵە دەگرێن، ئیسلام، مەسیحی، یەزیدی بێت یان زەردەشت.

[9]Beiser, F. (2005). *Hegel* (New ed., Routledge Philosophers). London: Taylor & Francis. P. 200

**دەوڵەت چییە و بۆچی پێویستیمان بە دەوڵەتە؟**

جێگەی خۆیەتی، کە باسی دەوڵەت و پێویستییەتی هەبوونی دەوڵەت یان وڵات، نەک لە ئاستی نەتەوەییەوە، بەڵکو لە ئاستی گشتگیرەوە بخرێتە بەر ڕۆشنایی ئەو باسەی ئێستامان. بۆ ئەو مەبەستە، بە کورتی، بۆ بۆچوونەکانی فەیلەسووفی ئینگلیز (تۆماس هۆبس،1588- 1679)




دەگەڕێمەوە. ئەو بۆچوونی وایە، کە لە دۆخی سرووشتی، ئەو دۆخەی مرۆڤ خاوەن هیچ جۆرە سیستەم و دامودەزگای بەڕێوەبردن نییە، هەر کەسێک بیر لە مانەوەی خۆی دەکات. بۆیە کوشتار و لەناوبردنی یەکتر دەبن بە خەسڵەتی سەرەکی ئەو مرۆڤ لەپێناو مانەوەدا. دۆخی سرووشتی وەحشیگەرییە، چونکە جگە لە مانەوە، مرۆڤ پابەند نییە بە هیچ جۆرە بەهایەک. لەو دۆخەدا، ژیان کورتە، دڕندەییە، ڕووخێنەرە، پڕیەتی لە دەردەسەری و خاوەن هیچ جۆرە گەشەیەک نییە.

هەمووان هەوڵ دەدەن بمێننەوە و هێز بەسەر یەکتر بچەسپێنن، چونکە هەر یەکێک لە مرۆڤەکان خاوەن خورپسکی مانەوە و چەسپاندنی هێزە بەسەر ئەوانی تردا. بۆیە جگە لە مانەوە، هیچ جۆرە پێشکەوتنێک جێگەی بایەخی مرۆڤ نییە و هەر بۆیەشە پێشکەوتن لە بوارەکانی ژیان نە بوونی هەیە نە زەمینەی بوونی دەبێت. ترس لە لەناوچوون، ژیانکردنێکی دڕندانە، دۆخی خراپ و هەموو ئەو دیاردانەی لەو دۆخە سرووشتییەدا دروست دەبەن، وا لە مرۆڤ دەکەن، کە هەوڵی گۆڕینی ئەو دۆخەی بدات. کەسەکان هەوڵ دەدەن پەنا ڕێکەوتنێکی هاوبەش ببەن تاوەکو مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن. ئاکامەکانی ئەو پەنابردنە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی و دواتر پێکهێنانی دەسەڵاتی سەروەرە. هەر لە دیدی (هۆبس)، پێکهێنانی ئەو سەروەرییە، چ بە هۆی پەیمانی هاوبەشەوە بێت، چ بە هۆی داگیرکاری، گرنگە لە بەرەوپێشبردنی ژیان. هەر جۆرە گۆڕانێکیش لە فۆرمەکانی حوکمڕانی، بۆ نموونە، لە پادشایەتییەوە بۆ دیموکراسی، هەتا ئەو کاتەی هیچ زیانێک بەو سەروەرییە نەگەیەنێت، کە خەڵکەکە پێکی هێناوە، هیچ لەو یەکێتییە کۆمەڵایەتییە ناگۆڕێت و هەڕەشە نییە لێی.[10]

چەمکی سەروەری (Sovereignty) لای (هۆبس) لە هەرە گرنگترین چەمکەکانی فەلسەفەی ڕامیارییەکەیەتی. لە نووسینە سەرەتاییەکانی بۆچوونی وابوو، کە هۆکاری ئەوەیە دەسەڵاتدارن پێویستە دادپەروەر بن سزاکانی ڕۆژی دواییە، چونکە دواجار خوا سەروەری جیهانە. بەڵام، لە بۆچوونەکانی دوایی، کە لە پەرتووکی (لەڤایسن- Leviathan)، کە چەمکێکە بە واتای ڕەهاترین و باڵاترین سەروەری، پیرۆزی و دەسەڵات دێت، دەوڵەت شوێنی خوا دەگرێتەوە. هەر وەک لە وێنەکەش دیارە، جەستەی دەوڵەت لە خەڵکەکەی خۆی دروست بووە. ئەگەر سەیری وێنەکە بکەین، خەڵکی ناو دەوڵەتەکە کڵاوەکانیان دانەگرتووە، پێچەوانەی ئەو نەریتەی، کە لە کڵێسادا بۆ پێشاندانی ڕێز و ملکەچبوون بە دەسەڵاتی خوا، بەشداربووان دەبووایە کڵاوەکانیان داگرتبا. لە دەوڵەتی سەروەردا، کە خودی خەڵکەکە خۆیەتی، کەس ملکەچی هیچ نییە ئەو دەسەڵاتە نەبێت، کە خۆی بەشێکە لێی و خۆیشی پێکی هێناوە. لێرەدا دەسەڵاتی سەروەر دەکرێت خاوەن هەر ناوێک بێت، بۆ نموونە، ئیمپراتۆر، نیمچە وڵات، میرنیشین یان هەرێم. ئەو ناوانە هیچ کاریگەرییەکەیان نییە هەتا ئەو کاتەی سەروەری ئەو کیانە باڵاترین بێت و لەژێر هەڕەشەی شکان

[10] Hobbes, Thomas. 1651. *Leviathan, or the Matter, Forme, & Power of a Common-Wealth Ecclesiasticall and Civil*. London. P. Andrew Crooke. P. 111

نەبێت. لە جیهانی مۆدێرندا، دەوڵەت باڵاترین فۆڕمی سەروەرییە.[11] هەر هاوبەشییەکیش لەگەڵ دەستەڵاتدا لە گۆی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دووبارە مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەو دەستەڵاتەی خاوەن سەروەرییە.

لە بەرگی پەرتووکەکەیدا، وێنەی ئایین دەخاتە ئەو بەشەی، کە هەڕەشە لە دەستەڵات و سەروەری دەوڵەت دەکات. نەک هەر بە تەنیا ئایین، بەڵکو هەر شتێک کە هەڕەشە بێت لە سەروەری دەوڵەت ڕەهەندێکی هەڕەشەئامێزی هەیە. ئەمڕۆ لە کوردستان، پارتە سیاسییەکان سەرجەمیان پەیڕەوی لەو ڕەهەندە ترسناکە دەکەن و کردوویانە، کە ئامادەبوونە بۆ لەناوبردن و شکاندنی سەروەریی ئەو پەیمانە نەتەوەیی و ڕامیارییەی کۆیان دەکاتەوە، بۆ نموونە ئامادەبوون بۆ شکاندنی سەروەریی کیانی هەرێمی کوردستان لەپێناو بەرژەوەندیی مانەوەی خۆیان.

بێگومان ئەو مۆدێلە دەوڵەت-سەروەرییە لە لایەن زۆر فەیلەسووف، لەوانە (میشێل فوکۆ) ڕەت کراوەتەوە، ئەویش بە هۆکاری باڵادەستبوونی هەژموونی دەوڵەت بەسەر ئازادییەکانی تاکدا، چونکە وەک دەبینین دەوڵەت مرۆڤ نییە، کەچی لە مرۆڤ دروست کراوە. سەروەری خەڵک نییە، بەڵام لە خەڵکەوە هاتووە و لەسەرووی خەڵکیشەوەیە. مەودای ئەو جەستەیەش سنووردارە، بەو واتایەی هیچ دەوڵەتێک نییە توانا و قبوولکردنی هەمووانی لە خۆیدا هەبێت. ئەوانەی لەناو ئەو جەستەیە دان، بەرگری لە مانەوەی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو جەستەیە دەکەن. هەر بۆیە هیچ دەوڵەتێک نییە مەودای تەواوی بۆ ئازادییەکانی تاک هەبێت.

**دیدی (نیتشە)**

**تێکۆشان بۆ هێز**

نەک هەر بە تەنیا لەسەر ئاستی ڕامیاری، بەڵکو لەسەر ئاستی بوون و ژیان ئامانجی بوونەوەران، لە دیدی (نیتشە) تێکۆشانە بۆ هێز. ویستی هێز بنەڕەتە بۆ هەر بوونەوەرێک. لە گوتاری (تێڕامانێک لەسەر هێز لەناو ژیاندا) لەسەر پرسی هێز لە دیدی (نیتشە) و (میشێل فوکۆ) دواوم و

[11] Heywood, A. 2013. *Politics*. 4.th ed. Palgrave foundations. Basingstoke: Palgrave Macmillan. P. 400

به پێویستی نازانم بۆچوونەکان لێرەدا بخەمەوە ڕوو.[12] ئەوەی لێرەدا بۆی دەگەڕێمەوە بەرجەستەکردنی بۆچوونەکانی (نیتشە)یە لە گۆی کایەکانی ڕامیاریدا. بۆچوونە فەلسەفییەکانی (نیتشە) کاریگەری گەورەی لەسەر بۆچوونی بەشێکی زۆری فەیلەسووفانی بواری ڕامیاری و سۆسیۆلۆجی، لەوانە (ماکس ڤیبەر)، (میشڵ فوکۆ) و (هانس مۆرگنسۆ) هەبووە. هەر لەو ڕوانگەیەوە، پەنابردنم بۆ بۆچوونەکانی (نیتشە) تەنیا لە چوارچێوەی دیدگا ڕاستەوخۆکانی ئەودا بەرجەستە نابێت، وەک ئەوەی لە هەوڵی خستنەڕووی بۆچوونەکانی (هیگڵ) لەم نووسینەدا بەرجەستە بووە، بەڵکو لە خستنەڕووی هزری ڕامیاری (هانس مۆرگنسۆن)ی فەیلەسووفیش خۆی دەبینێتەوە.

لای (نیتشە) هێز ئەو بنەڕەتەیە، کە تەواوی کایەکانی ژیان دەخاتەگەڕ. هەر ئەو خەسڵەتە دەگمەنەشە وا دەکات بوونەوەران بۆ هێز تێبکۆشن.[13] ئەو تێکۆشانە لە دەرەوەی هاوکێشەی چاکە و خراپەیە. واتە ئێمە ناتوانین بە هێز بڵێین شتێکی خراپ یان چاک، چونکە هێز بنەڕەتە بۆ بوون. ئەگەر ئێمە تێکۆشان بۆ هێز بە خراپ دابنێین، ئەوە وەکو ئەوە وایە، کە پێمان وابێت بوونی مرۆڤ خراپە. ئەگەر بوونی مرۆڤ خراپیش بێت، ئێستا بوونی هەیە و تێدەکۆشێت بۆ خۆ-هێشتنەوە بە زیندوویی. کەواتە هێز لە چوارچێوەی ئەوەی، کە چ کردارێک ڕەوشتییە و چ ڕەوشتی نییە چوارچێوەدار ناکرێت. هەموو کایەکان تێکۆشانن بۆ هێز و هەموو مرۆڤێک دەیەوێت خاوەن زۆرترین هێز بێت. تەنانەت ئەو کەسەیشی لەپێناو هەر پەیامێکدا خۆی دەکات بە قوربانی، دووبارە لە چوارچێوەی تێکۆشانیەتی بۆ هێز.[14] هێز سنووردار ناکرێت، بەڵام دەتواندرێت بۆ کایەی جیاوازتر بگوازرێتەوە. ئەو هونەرمەندەی داهێنەرە، ئەوا هێزی خۆی بۆ کاری هونەری و

---

[12] بڕوانە: سۆران ئازاد (2019). تێڕامانێک لەسەر هێز لەناو ژیاندا. خوێنەر دەتوانێت لەو دوو لینکەی، لە سایتی کەلتوورمەگەزین و دەنگەکان بابەتەکە بخوێنێتەوە

http://cultureproject.org.uk/kurdish/fire-soran-azad/

http://dengekan.info/archives/9925

[13] Nietzsche, Friedrich. (1889, 1895). *Twilight of the Idols and The Anti-Christ.* Translated by R. J. Holldingdale. Penguin Classics Publishing in UK, 1968. P. 87

[14] Nietzsche, Friedrich.(1887). *The Gay Science*. Translated by Thomas Common. Dover Publications, INC. New York, 2006. P. 27

داهێنان ئاڕاسته کردووه. هەر بۆیە لە هەر کایەیەکدا، هێز داینامیکی تێکۆشان و دەستپێکە. لە هەمان کاتدا، ئەوە واتای ئەوە نییە، کە هێز ناگوازرێتەوە. ئەو دەرچەیانە فرەن، کە هەم هێزمان لێ داگیر دەکەن، هەم هێزمان لێ دەستێنن.

لە پێوەندیی بە دۆزی کوردا، لێرەدا گرنگە دوو نموونەی بهێنینەوە، کە لەو بۆچوونانە نزیکمان دەکەنەوە. لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی (عوسمانی) و (سەفەوی)یەکاندا، گوتاری ئایینی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا. هێزە کوردییە سوونەنشینەکان، لە خراپترین دۆخدا بە داگیرکاریی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەژێر گوتاری ئایینی ئیسلام دڵخۆش دەبوون. ئەو هۆکارە ڕۆڵێکی گەورەی هەم لە داگیرکردنی هێزی کوردەکان، هەمیش لە گواستنەوەی ئەو هێزەدا بینی. ئەو ئیمپراتۆرە بە تەنیا هێزێکی چەوسێنەر نەبوو، بەڵام زیرەکانە هێزی نەرمی بەرانبەر بە کوردەکان پەیڕەو کردووە. لە کاتی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکاندا، کەم نەبوون ئەو مەلا کوردانەی خوێنی ئەرمەنەکانیان حەڵاڵ دەکرد و وەکو دەرفەتی چوونە بەهەشت وێنایان دەکرد. تەنانەت شاعیرێکی وەکو (مەحوی)یش سوودمەند بووە لەو جۆرە ستراتیجە، بەڵام بە تەنیا لە دوای ئەوەی هێزی کۆمەڵگەکەی خۆی لە لایەن ئەو ئیمپراتۆرە گوزرابوویەوە بۆ سێنتراڵیزمی دەستەڵاتی سوڵتان. کردنەوەی خانەقای (مەحوی) لە لایەن (سوڵتان عەبدول حەمیدی دووەم) کردارێکی بەخشندانە و ئاییندۆستانەی سوڵتان بوو. لە ڕاستیدا، ئەو جۆرە کردارانە ڕۆڵێکی گەورەیان لە دەستبەسەرداگرتنی هێزی کورد هەبووە. کەس وەکو (نیتشە) ناتوانێت یارمەتی ئەوەمان بدات، چونکە (نیتشە) پێی وایە، کە ئەو جۆرە کردارە بەخشندەیانە لە بنەڕەتدا هێزت لێ داگیر دەکەن و هێزەکەت فریو دەدەن، وەک دەنووسێت:

"چاکەکردن و میهرەبانبوون لەگەڵ ئەوانەی، کە بوونیان لەژێر دەستی ئێمە دایە (واتە بەسەریان سەپاوە وا بیر بکەنەوە، کە ئێمە گرنگترین ئامانجی ژیانی ئەوانین): ئێمە دەمانەوێت هێزی ئەوان زیاد بکەین، چونکە لەو ڕێگەیەوە هێزی خۆشمان زیاد دەبێت، یان ئێمە دەمانەوێت پێشانیان بدەین، کە قازانجیانە بەشێک بن لە هێزی ئێمە. بەو هۆیەوە زیاتر دەست بە پێگەی خۆیان دەگرن، زۆرتر دەبن بە دوژمنی ئەوانەی دوژمنی هێزی ئێمەن و ئامادەیان باشتر دەبێت لە دژیاندا تێبکۆشن."[15]

---

15 هەمان سەرچاوەی پێشوو

کورد بە بەردەوامی کۆیلەی ئەو ستراتیجیە بووە، چونکە هەوڵەکانی بۆ مانەوە بە ئاسانی بوونەتە بابەتی فریودان لە لایەن دەستەڵاتی دەرەکی. بە ئێستاشەوە پەیڕەوی لە هەمان جۆرە سیاسەت دەکرێت. هەتاوەکو ئێستاش ئەو جۆرە هەژموونەی تورکیا بەسەر باشووری کوردستاندا باڵادەستە، چ بە هۆی تۆڕە گەورەکانی بازرگانی بێت، لە گرنگترینیان نەوت، چ بە هۆی کردنەوەی هاوشێوەی خانەقای (مەحوی) ئاسا بێت بۆ شوێنکەوتووانی هەمان ئایدۆلۆگیا، کە (یەکگرتوو)ی ئیسلامی نوێنەرایەتی دەکات، چ بە هۆی کاریگەری کەلتووری و پەروەردەییەوە بێت، لەوانە کردنەوەی قوتابخانەی تورکی-زمان لە باشوور، یان هاوبەشی سیخوڕی و سەربازی لەگەڵ دەزگای میتی تورکی، کە لە دواین ئاستدا بە کۆمێدیایەکی سەیر خۆی نمایش کرد؛ ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیانی شیلادزێ لەسەر دڵشکاندنی تورکیا. کاریگەریی ئەو جۆرە بەخشندەیانە لە مێژووی کورددا هەتا ئەو ئاستەیە، کە بە ئێستاشەوە ژمارەیەکی گەورە لە کورد چاوەکانیان بەرانبەر بە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە خەوتووە، بەڵام بیری بەخشندەییەکانی (سەددام حسێن) دەکەن.

نموونەی دووەمیان هێزی مانەوەی کورد بووە سەرەڕای پەرتەوازەبوون. هەر لە ڕوخانی ئیمپراتۆری (مێداکان)، کە (کەیخەسرەو – Cyaxares) سێیەم پادشای ئیمپراتۆرەکە بووە لەنێوان ساڵانی (625–585) پێش زاین هەتا وەکو ئێستا، کورد لە شەڕی مانەوەدا سەرکەتوو بووە. لە دوای ئەو ئیمپراتۆریەتەوە، جگە لە (فتوحات)ی ئیسلام، لە ڕووی شوناسەوە کورد توانیویەتی بەرگری لە مانەوەی بکات. سەرکەوتنی داگیرکاریی ئیسلام پێوەندیی بە یەک خاڵی زۆر بنەڕەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە ئایینی ئیسلام بە تەنیا داگیرکاری خاک نەبووە، کە ئەو ڕەهەندە هێزی کورد دەجووڵێنێت، بەڵکو داگیرکاریی زمانە. داگیرکردنی زمان واتە داگیرکردنی شوناس و هەڵوەشاندنەوەی سەرجەمی ئەو یەکێتییە کۆمەڵایەتییەی لە ڕێگەی زمانەوە دامەزراوە، لەپێناو دامەزراندنەوەی لەسەر گوتاری ئایینی سەر بە کەلتوورێکی دیاریکراو. ئامانجی ئەو گوتارە ئایینییە دروستکردنی هێزی گونجاو (potential power)ە. واتە هێزێکە، کە پێویستە لەوێ بێت و هەبێت بۆ هەر ئەگەرێک. کەمیی ئەو هێزە لاوازیی ئەو هێزە نییە، چونکە مادام لەوێیە، دەتوانێت بەهێز بکرێت. سەدەیەک بەر لە ئێستا دروستبوونی داعش نەکردە بوو، بەڵام ئێستا لە هەر کاتێک ئەگەری هاوشێوە زیاترە، چونکە ئەو هێزە کەمە ئیشی لەسەر کراوە و پەرەی پێ دراوە. ئەو هێزە

شاراوەیە بەردەوام ئامادەیە و هەیە، چونکە مادام ئایین داگیرکردنی زمانە، واتە شوناس و بیرکردنەوە، ئەو داگیرکردنە دەخزێتە هەموو بوارە بەرچاو و شاراوەکان. دیاردە و ڕووداوەکان زۆرجار دەمامکی بەشێکی ئەو هێزە شاراوەیە دەردەخەن، بەڵام لەناوی نابەن، چونکە هێز توانای هەڵخەڵەتاندنی دەمامکەکانی هەیە. سەیر نییە، کە لە دوای سەرهەڵدان و تێکشکاندنی داعش-یش لە کوردستان، هێزی ئیسلامییە سیاسییەکان نەک لاوازتر نەبوون، بەڵکو بەهێزتر و زۆرتر بوون. ئەو دیاردەیە پێوەندیی بە توانای هەڵخەڵەتاندنی ئەو هێزەوە هەیە، کە دەستی بەسەر زماندا گرتووە. مادام ئەو هێزە دەسەڵاتی بەسەر زماندا هەیە، هەستکردن بە تەواوی دەمامکەکانی نەکردەیە. بەڵام هەم لەدوای ڕوخانی ئیمپڕاتۆری (مێداکان) و داگیرکاری ئیسلام، کورد بەرە بەرە دەبێت بە چەند گرووپێکی بچووکی پارچە جیاواز. دیاردەی میرنشینی کوردی یەکێکە لە نموونەکان. ئەو دیاردەیە کوردی وەکو کەمایەتی دابەش کردووە و ئەو دابەشبوونە هەتاوەکو ئێستا بەردەوامە، بەڵام هێشتا لە مانەوەدا وەکو نەتەوە سەرکەوتوو بووە.

هەر لە دیدی (نیتشە)، ئەو جۆرە سەرکەوتنە لە مانەوەدا دەرئەنجامی بەهێزییە. لە پەرتووکی (زەردەپەڕی بتەکان)، (نیتشە) بەو شێوەیە باسی هێزی کەمایەتیبوون دەکات:

"بوونەوەران ناتوانن تەواوتر لەوە گەشە بکەن: لاوازەکان دووبارە و دووبارە دەسەڵات بەسەر بەهێزەکاندا دەسەپێنن، هۆکارەکەی ئەوەیە، کە ئەوان [لاوازەکان] زۆرایەتیی گەورەن و زیرەکیشن... بۆ بەدەستهێنانی هۆش کەسێک سەرەتا دەبێت پێویستی بە هۆش هەبێت- ئەو هۆش بەلاوە دەنێت، کاتێک پێویستی پێ نەبێت. ئەو کەسەی بەهێزە، دەستبەرداری هۆش دەبێت."[16]

ئەو خاڵە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە ئەوانەی هێزدارن، پێویستیان بە زیرەکی نییە، بەڵام ئەوانەی، کە لاوازن، هەمیشە هەوڵی پێکهێنانی یەکێتیی زۆرایەتی دەدەن بۆ ئەوەی بەسەر بەهێزەکاندا زاڵ بن و دەسەڵاتیان بەسەردا بسەپێنن. ئەو خاڵە لانی کەم لە دۆزی کوردا پەیڕەو کراوە. تەنانەت لەدوای ڕیفراندۆمی ئەو دوایەشدا، دوو هێزی گەورەی وەکو ئێران و تورکیا، بە هاوتا لەگەڵ حکومەتی سێنتراڵی بەغدا، هاوپەیمانیی زۆرایەتیان لە دژ هەرێمی کوردستان پێک هێنا لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی ویستی سەربەخۆیی.

[16] Nietzsche, Friedrich. (1889, 1895). *Twilight of the Idols and The Anti-Christ*. Translated by R. J. Holldingdale. Penguin Classics Publishing in UK, 1968. P. 87

مامەڵەکردنی (نیتشە) لەگەڵ هێزدا گشتگیرە و بنەڕەتییە. ئەو فەیلەسووفە کەمتر سەرنجی خستووەتە سەر کایەکانی هێز لە ناکۆکی و جەنگە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان، چونکە ئەو مامەڵەکردنی لەگەڵ کرۆکی هێز بووە. بەڵام، زۆر فەیلەسووفی بواری ڕامیاری پەرەیان بەو چەمکە داوە و هەوڵیان داوە لە خوێندنەوەی ناکۆکی و کێشە نێونەتەوەیی پەیڕەوی بکەن. ئێمە دەزانین، کە کێشەی کوردبوون بە تەنیا نەتەوەیی نییە، بەڵکو نێونەتەوەیی یان نێودەوڵەتیشە. ئامانجی هەبوونی دەوڵەت گواستنەوەی دۆزەکەیە لە ئاستی نەتەوەییەوە بۆ ئاستی نێونەتەوەیی. بۆ ئەو مەبەستە، پەنابردن بۆ فەلسەفەی ڕامیاریی (هانس مۆرگنسۆ1980 – 1904 ) یارمەتیمان دەدات تیشک بخەینە سەر ئەو ڕەهەندانە.

لە گەرمەی جەنگی دووەمی جیهان، (مۆرگنسۆ) هەوڵ دەدات لەوە تێبگات، کە بۆچی وڵاتان جەنگ بەرپا دەکەن تەنانەت لە باشترین دۆخەکانی ئاشتەوایشدا. هەر بۆیە ئەو پەرەی بە تیۆری (ڕاستەقینەخوازی – realism) لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە نێونەتەوەییەکان دا. لە دیدی ئەو دەوڵەتان بۆ هێز تێدەکۆشن، وەک خۆی دەنووسێت: "سیاسیەت تێکۆشانە بۆ هێز"[17]، کە لە بنەڕەتدا ئەوە چەمکێکی نیتشەییە. پێویست بزانین، کە دەوڵەت لە جیهانی مۆدێرندا باڵاترین فۆرمی سەروەرییە و مامەڵە گرنگەکانیش لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەمیشە لە ئاستی دەوڵەتدا دەست پێ دەکەن.[18] هیچ دەستەڵاتێکیش لە گۆی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان لە دەستەڵاتی دەوڵەت گەورەتر نییە، چونکە گۆی پێوەنییە نێودەوڵەتییەکان ئەنارکییە. مەبەست لە ئەنارکی واتە نەبوونی حکومڕانییەکی نێونەتەوەیی، کە سزا و پاداشتی دەوڵەتان بدات. لە جیهانی ئێستادا، ئەمەریکا لە ڕێگەی چەسپاندنی سزا هەوڵی ئەو جێبەجێکردنی ئەو دەستەڵاتە دەدات، بەڵام لە ڕێگەی ئەنجوومەن و کیانی نێونەتەوەیی، کە لە دواجاردا لە بەرژەوەندیی خۆیدا دیزاین کراون. ئێمە باش دەزانین، کە لە جەنگی سووریادا، ئەکتەرە سەرەکییەکان هێشتا لە چوارچێوەی دەستەڵاتی دەوڵەتە زلهێزەکان بوون، لەوانە ئەمەریکا و ڕووسیا.

لە دیدی (مۆرگنسۆ)، تێکۆشان بۆ هێز باڵاترین بەرژەوەندیی هەر دەوڵەتێکە.[19] هەر ئەو تێکۆشانە بۆ هێز وا دەکات، کە دەوڵەتان چەندین ستراتیجی و تاکتیکی جیاواز بگرنەبەر بۆ بەردەوام

[17] Morgenthau, Hans J. ([1948] 1986) *Politics among Nations: The Struggle for Power and Peace* 6th ed. (New
York: Alfred A Knopf Publishers): 3-17

[18] Mingst, K. A. (2008). *Essentials of International Relations*. London, New York: Norton. p.104

19 Morgenthau, Hans J. ([1948] 1986) *Politics among Nations: The Struggle for Power and Peace* 6th ed. (New

بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە گۆی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە لە دواجاردا هیچ هێزێک بە ئەندازەی هێزی دەوڵەت خۆی ناتوانێت ئەو دەوڵەتە لە لەناوچوون بپارێزێت. وەک خۆی ئاماژەی پێ دەدات، دەوڵەتان لە بنەڕەتدا پێویستە هۆشمەندانە مامەڵە بکەن، بەڵام ویستی زۆریان بۆ هێز وا دەکات، کە سەرپێچی یاسا نێودەوڵەتییەکان بکەن بە تەنیا لەپێناو دەستخستنی هێزی زیاتر، کە لە بنەڕتدا بەرژەوەندیی زیاتری بۆ فەراهەم دەکات.[20] لە بنەڕەتدا، دەستەڵاتی دەوڵەت لە کێشە نێودەوڵەتی و نێوخۆیەکاندا یەکلاکەرەوەیە، بە تایبەت دەستەڵاتی دەوڵەتی زلهێز. بەردەوام دەوڵەتە زلهێزەکان پەیرەوی لە ئەگێندای بەرفراوانکردنی هێز و مەودای کاریگەریەتیان دەکەن. بەڵام لە دیدی ئەو، ئەوەی وا دەکات، کە دەوڵەتان بەردەوام جەنگی گەورە بەرپا نەکەن، هاوسەنگکردنی هێزەکانیانە. وەک خۆی ئاماژەی پێ دەکات، پێویستێتی پشتگیریکرن یان دژەوەستانەوەی دروستبوونی دەستەڵاتێکی زلهێز وا لە دەوڵەتان دەکات، کە هێزەکانیان هاوسەنگ بکەن بۆ ئەوەی مانەوەی خۆیان مسۆگەر بکەن. هەر دەوڵەتێک بە گوێرەی بەرژەوەندی و مەترسییەکانی پەنا بۆ هاوسەنگکردنی هێزەکەی دەبات.[21]

## دەروازەی دەرچوون

لێرەدا، من نامەوێت باسەکە ئاڕاستەی کێشەی دەوڵەتان لە هاوکێشە و گۆی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان ئاڕاستە بکەم، چونکە بۆ ئەو مەبەستە پێویستیمان بە بابەتێکی جیاوازترە. ئەوەی دەمەوێت پێداگری لەسەر بکەم ئەوەیە، کە تێکۆشان بۆ هێز نەک لە ئاستی تاک، کۆمەڵ و نەتەوە بنەڕەتە بۆ مانەوە و گەشەکردن، بەڵکو لەسەر ئاستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش ئەو تێکۆشانە باڵاترین و کاریگەرترینە. گرنگیشە پێداگری لەسەر ئەو خاڵە بکەم، کە تێکۆشان بۆ هێز هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، لەوانە هێزی ڕامیاری، ئابووری، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی و سەرتاپێی

York: Alfred A Knopf Publishers): 3-17

[20] Garner, Robert, Ferdinand, Peter, and Lawson, Stephanie. *Introduction to Politics*. 3.rd ed. Oxford: Oxford University Press, 2016. P. 350

[21] Morgenthau, Hans J. ([1948] 1986) *Politics among Nations: The Struggle for Power and Peace* 6th ed. (New York: Alfred A Knopf Publishers): 3-17

بوارەکانی ژیان. لە هاوکێشەی کوردبووندا، مەودای هێزەکانی ئێمە چ لە چوارچێوەی مانەوە بێت، چ لە چوارچێوەی کیانی میرنشینی، کە لە جیهانی ئێستای ئێمەدا پارتی و یەکێتی و پارتەکانی تر ڕۆڵی ئەو میرنشینە بچووکانە دەگێڕن، بچووک کراوەتەوە، کە وایکردووە کۆمەڵگە و دۆزی کورد لە کێشەی زۆر لاوەکی کورت بکرێنەوە. گوتاری زۆربەی ڕۆشنبیرە بەرچاوەکانیش نوێنەرایەتی ئەو خۆ-ڕووخاندنە دەکات. ئەو جۆرە نەریتە رۆشنبیرییە ڕەگ و ڕیشەی خۆی هەیە و لە بابەتێکی سەربەخۆدا هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئەو باسە دەدەم.

خاڵێکی تر، کە لێرەدا گرنگ دەبوو بواری باسکردنی هەبێت، بابەتی هێز و زانینە، کە لە لایەن (میشڵ فوکۆ) ڕەهەندە بەرفراوانەکانی خراوەتەڕوو، کە چۆن هێز زانین بەرهەم دەهێنێت و چۆن زانین پەرە بە هێز دەدات. لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا، (فوکۆ) بە چڕی ئیشی لەسەر ئەو ڕەهەندە کرد، کە چۆن دەوڵەت هێزی کۆمەڵگە و تاک لە ڕێگەی دامودەزگاکانی سێنتڕالیزە دەکات. ئەو پرسە لە پێوەندیی بە دۆزی کوردا گرنگە بە تایبەتی لە دوو خاڵدا. یەکەم، کورد خاوەن دەوڵەتی خۆی نییە. هەر گۆڕانکارییەک لە سرووشت و دەستەڵاتەکانی دەوڵەتی سێنتڕاڵ ڕوو بدات، چ بە باش و چ بە خراپ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پرسی کورد دەبێت. ئەوەی تاوەکو ئێستا پرسی کوردی لە عێراقدا بەهێز کردووە، ئەو پشتگیرییەی وڵاتانی خۆرئاوا و ئەمەریکایە لەسەر پرسی کورد. ئەو پشتگیرییە مەرجییە. هەر کاتێک مەرجەکان گۆڕان، هیچ گەرەنتییەک نییە ئەو پشتگیرییە ئامادەیی بمێنێت. خاڵی دووەم ئەوەیە، کە سنووردارێی مەودای زانینی کورد بەرانبەر بە خۆی و بە دنیا هێزەکانی پەرتەوازە کردووە. ئەو سنووردارییەی زانین، کە دواجار لە ڕێگەی هێزیشەوە سەپێندراوە و لە ڕێگەی زانینیشەوە هێزی خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە، لە هەڕەشەی نەبوونی دەوڵەت ترسناکترە، چونکە هەر کاتێک نەتەوەیەک، کۆمەڵگەیەک یان هەر کیانێک خاوەن زانینێکی ڕووخێنەربێت لە دژی خۆی، مردنی لە ڕۆژە زووەکان ڕوو دەدات. هەر لە ئاستی بایۆلۆجیش، مرۆڤ بە دوو هۆکار دەمرێت، یان دەرەکی، لەوانە ڕووداوێک کە ببێتە هۆکاری کوشتنی، یان ناوەکی، لەوانە کێشەی جەستەیی و هۆشەکی. ئەگەر مرۆڤێک هێزەکانی خۆی لە دژی خۆی بە کار بهێنێت، ئەوا ئاسانترین شت خۆ-لەناوبردنە.

لەو ڕوانگەیەوەیە، کە تێکۆشان بۆ هێز بە هەموو ڕەهەندە باڵادەست و کاریگەرییەکانییەوە، لە سەرووی زانینە ڕووکەش و سەرەتاییەکان، نەک بە تەنیا دەروازە و دەرفەتی گەورە بە هەر گرووپێکدا دەکاتەوە، بەڵکو کێشە سەرەتاییەکانی، لەوانە تێکۆشانی بەردەوام بۆ مانەوە، بۆ ئاستی باڵاتر و بەرفراوانتر دەگوازێتەوە.

وەکو تر، هەوڵی مانەوە وەک کوردبوون و لە چوارچێوەی شوناسی کوردبوون، کە پارێزگاریی تەواوی ئەو نەریت و شێوەژیانی باڵادەست دەکات، هێزە گەورەکانی لە تاک داگیر کردووە. پیرۆزکردنی بەهای ئایینی، نەتەوەیی و کەلتووری و بەرگریکردنێکی سەرسەخت لە مانەوە و دەستگرتن بەو بەها هەرزرانانەوە، بڕیار نییە نە زەمینەی تێکۆشان بۆ هێز لەسەرووی ئەو بەها کوشندانەوە فەراهەم بکەن، نە وەها تێکۆشانێک هیچ ناوەڕۆکێکی پڕشنگداری هەبێت. ئەگەر کوردبوون بڕیار بێت لە مانەوە لەناو ئەو بەها کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی، کە ئازادییەکانی تاک داگیر دەکەن و ڕێگە بە کراوەنەوە بەڕووی جیهاندا نادەن، ئەوا ئەو مانەوەیە پڕ دژترین دیاردەی خۆیەتی. بەرگریکردن لە مانەوە لەپێناو خۆشکردنی زەمینە بۆ پەروەردەکردنی هاوشێوەکانی داعش، دوژمنانی ژیان، جەنگاوەرانی دژ بە سەربەستیی تاک و پێگەیاندنی تاکی کۆیلە زۆر لە ئەنفال و کیمیابارانکردن ترسناکترن. لێرەوەیە، کە هەتاوەکو گوتاری مانەوە بۆ گوتاری تێکۆشان بۆ هێز نەگوازرێتەوە، هەر جۆرە فۆڕمێکی هاوشێوەی بەرگریکردن لە کوردبوون دەبێتە دیاردەیەک، کە نە هیچ جیاوازییەک لەگەڵ کەلتوورە دواکەتووەکانی ناوچەکە دەبێت، نە هیچ هەوڵێکی جیاواز و خۆشکردنی زەمینە بۆ کرانەوە بە ڕووی ئەگەرە گەورەکانی بواری ڕامیاری.